هەسەد دوو فڕۆکەی تورکی لە بەنداوی تەشرین تەکشکاند

ئەمڕۆ سەشەممە 25ـی ئاداری، هەسەد لە پێگەی فەرمی خۆی بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە و تێیدا هاتووە، تورکیا و گروپە چەکدار و میلیشیاکانی سەر بە تورکیا بە تێپخانەی قورس ناوچەی دەروبەری بەنداوی تشرینیان بەردومانکرد و زیانی ماددی بەرچاویان لێکەوتووە، هاوکات فڕۆکەی بەفڕۆکەوان بە بەردەوامی بەسەر ناوچەکەدا دەسوڕانەوە.

هەسەد ئاماژەی بۆشکردووە، لە هەواڵکی گروپە چەکدارەکانی سەر بە تورکیا بە دەستپێکردنی هێرشێک بە فڕۆکەی بەفڕۆکەوان بە سەر خاڵەکانی هێزەکانی هەسەد لە لادێکانی باکووری بەنداوەکە لە ڕۆژئاوای کۆبانێ، یەکینەکانمان توانیان هێرشەکە پوچەڵ بکەنەوە و دوو فڕۆکەی بەفڕۆکەوان بخەنە خوارەوە.